# سەنتەری گەنجانی رانیە دەروازیەك بەرووی سینەمای كوردیدا دەكاتەوە
# رەحیمی زەبیحی و سینەماو سیاسەت

## لە هێڤارەوە

بۆ كردنەوەی دەروازەیەك بە رووی سینەمای كوردیدا و رەخساندنی زەمینەیەك بۆ نمایش كردنی چەند فلمێك و دیالۆگێكی هونەری لەسەر سینەماو سیاسەت بەشی هونەری سەنتەری چالاكی گەنجانی رانیە, هەڵسا بە سازدانی كۆڕێكی رۆشنبیری بۆ سینەماری كوردستانی رۆژهەڵات ( رەحیمی زەبیحی ) لەسەر ( سینەماو سیاسەت ) و نمایش كردنی پێنج بەرهەمی سینەماكاری ناوبراو بە ناوەكانی فیلمی ( هاوار, سەتەلایت , تیرۆرستێك دەگەرێتەوە , بەرەو دیموكراسی , كۆتایی جەنگ ) بۆ ئەو مەبەستەش رۆژی هەینی رێكەوتی 2007/7/12 كاتژمێر 10,30 سەر لە بەیانی لە هۆڵی كتێبخانەی گشتی رانیە, فلیمەكان نمایش كران, پاشان هونەرمەندی ناوبراو تەوەری بابەتەكەی كردەوە و لەسەر رایەڵەكانی سینەماو سیاسەت دوا و جەختی لەسەر گرنگی سینەماو سینەمای كوردی كردەوە, كە پێویستە پلانی بۆ دابنرێت و لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتیوانی و هاوكاری بكرێت .دواتر دەرگای گفتوگۆ كرایەوە و ئامادەبوان سەرنج و تێبینیەكانیان خستە روو ,ماوەتەوە بگوترێت سەنتەری چالاكی گەنجانی رانیە یەكێكە لەو ناوەندە ئەكتیڤانەی كە بەردەوام چالاكی هونەری و رۆشنبیری و وەرزشی هەمەجۆربۆ گەنجانی ناوچەكە ئەنجام دەدات .





